هەرکەسێک بڵێت: (أستغفر الله الذي لا إله إلا هو الحي القيوم وأتوب إليه)، (خوای گەورە) لە گوناهەکانی خۆشدەبێت ئەگەرچیش لە ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن (لە جیهاد) ڕای کردبێت

لە زەیدەوە -خزمەتکاری پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بڵێت: (أستغفر الله الذي لا إله إلا هو الحي القيوم وأتوب إليه)*، (خوای گەورە) لە گوناهەکانی خۆشدەبێت ئەگەرچیش لە ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن (لە جیهاد) ڕای کردبێت». *(واتە: داوای لێخۆشبوون دەکەم لە خوای گەورە، کە هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە ئەو، ئەو زاتە هەمیشە زیندووە -الحي-ە، وبوونەوەرەکان بەڕێوە دەبات وپێداویستیەکانیان جێبەجێ دەکات -القيوم-ە، و بە تەوبەکردن دەگەڕێمەوە بۆ لای خوای گەورە)

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

هەرکەسێک بڵێت: (أستغفر اللە الذي لا إلە إلا هو الحي القيوم وأتوب إليە)*، (خوای گەورە) لە گوناهەکانی خۆشدەبێت ئەگەرچیش لە ڕووبەڕووبونەوەی کافرەکان -لە جیهاد- ڕای کردبێت، هەروەکو زانراوە ڕاکردن لە ڕۆژی ڕووبەڕووبونەوەدا یەکێکە لە حەوت تاوانە گەورەکان هەورەکو لە فەرموودەیەکدا هاتووە: (اجتنبوا السَّبع المُوبقات، ومنها: الفِرَار من الزَّحْف) واتە: (خۆتان بپارێزن لە حەوت تاوانە ڕووخێنەرەکە، لەوانەش: ڕاکردن لە ڕۆژی ڕووبەڕووبونەوە -لە جیهاددا-)، وماناکە بەو شێوەیە ڕووندەبێتەوە ئەگەر مەبەست ئەوە بێت لە هەموو تاوانەکان تەوبەی کردووە، ولەنێویانیشدا: ڕاکردن لە ڕۆژی ڕووبەڕووبونەوە، بۆیە تەنها داواکردنی لێخۆشبوون ومرۆڤ لەسەر تاوانکردن بەردەوام بێت ئەمە هیچ سوودێکی نییە بەڵکو کاتێک سوودی دەبێت ئەگەر بەندە تەوبە بکات لە تاوانەکان. *(واتە: داوای لێخۆشبوون دەکەم لە خوای گەورە، کە هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە ئەو، ئەو زاتە هەمیشە زیندووە -الحي:ئەلحەی-ە، وبوونەوەرەکان بەڕێوە دەبات وپێداویستیەکانیان جێبەجێ دەکات -القيوم:ئەلقەیوم-ە، و بە تەوبەکردن دەگەڕێمەوە بۆ لای خوای گەورە)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10576